# عەلی سیستانی سەرخەشی لە بنەماڵەی قوربانیانی لە ڕووداوی ئاگرکۆتنەوەی حەمدانیە کرد

سیستانی: پرسە و سەرخەشی خەمان ئاراستەی بنەماڵەی قوربانیانی ڕووداوی ئاگری حەمدانیە دەکەین.

مەرجەعی باڵای ئایینی شیعە، عەلی سیستانی سەرخەشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ڕووداوی ئاگرکۆتنەوەی حەمدانیە کرد.

نووسینگەی عەلی سیستانیی، مەرجەعی باڵای ئایینی لە ڕاگەیندراوەکدا ڕایگەیاند، ”مەرجەعی باڵای ئایینی خەم و پەژاری خۆی ڕاگەیاند بەبۆنەی ئەو قوربانییانەی کە بەهۆی ڕووداوی ئاگرکۆتنەوە لە هۆڵی ئاهەنگگێڕان لە قەزای حەمدانیە ڕوویدا کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی سەدان کەس"، ئاماژەی بەوەشکرد، "مەرجەعی ئایینی سەرخەشی لە خانەوادەی قوربانیان دەکات و هاوسۆزی خۆی لەگەڵیان دەردەبڕێت، داواش لە خودای گەورە دەکات دەیان بە سەبرەوە ببەستێتەوە و بە میهرەبانی بەرینی خۆی قوربانییەکان خۆشبێت و چاکبوونەوەی خێرا بە بریندارەکان ببەخشێت".